# ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای دەستەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان

**ئاراس عوسمان محمد [١]، میهرەبان حسێن ساڵح [٢]**

[١] بەشی پەروەردەو دەروونناسی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، شاری کەلار ، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژیپەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە ،هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: aras.osman@garmian.edu.krd

## پوختە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، لەپێناو هێنانەدی ئەم ئامانجانەش توێژەران مێتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(٣١٠) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، ئامرازی توێژینەوەکە بریتی بووە لەفۆڕمی ڕاپرسی کەلە (٢٧) برگە پێکهاتووە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاماری داتاو زانیارییە کۆکراوەکان، توێژەران کەرەستە ئامارییەکانی(ناوەندە ژمێرەیی،تاقیکردنەوەی (T)بۆ یەک سامپڵ و دوسامپڵ،( One way Anovaیان بەکارهێناوە، لەگرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بریتی بوو لەوەی کەئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لەئاستێکی بەرزدایە، هەروەها ئەنجامەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزو کۆلێژ(زانست، پەروەردەی بنەڕەت، زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان)، قۆناغی خوێندن(یەکەم- دووەم- سێیەم-چوارەم)، ،جیاوازی نییە لەنێوان خوێندکاراندا لەڕووی ئاستی نامۆبوونی دەروونییەوە، لەکۆتایدا توێژەران لەسەر بنەمای ئەنجامی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێکیان پێشکەش کرد.

**وشە کلیلەکان:** نامۆبوون، نامۆبوونی دەروونی، خوێندکاری زانکۆ.

## ملخص:

الهدف من هذه الدراسة هو معرفة مستوى الاغتراب النفسي لدى طلبة جامعة گرميان، ومن أجل تحقيق أهداف الدراسة، استخدم الباحثان المنهج الوصفي، وتتكون عينة الدراسة من ٣١٠ طالبة جامعة من كل الجنسين الذكور والإناث. واستخدم الاستبيان متكون من ٢٧ فقرة، من أجل حل إحصاءات البيانات وجمع المعلومات، استخدم الباحثان المعادلات الإحصائية اختبار )ت (لعينة واحدة (One Sample Test) و اختبار (ت) لمجموعتين مستقلتين (Independent T-Test ) اختبار تحليل التباين الأحادي (One-Way ANOVA ) ، ومن خلال النتائج اتضح ان مستوى الاغتراب النفسي لدى طلاب جامعة گرميان في مستوى عال، ولا توجد فروق ذات الدلالة الاحصائية حسب المتغير (الجنسين، وكلية، و المرحلة الدراسية) بين الطلاب من حيث الاغتراب النفسية، وفي النهاية قدم الباحثان بعض التوصيات والمقترحات بناء على نتائج الدراسة.

**الكلمات الرئيسية:** الاغتراب، الاغتراب النفسي، طلبة الجامعة.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| --- | --- |
| بەرگ | ٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٣ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٢٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | aras.osman@garmian.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢١م. ی. ئاراس عوسمان محمد ، م. ی. میهرەبان حسێن ساڵح ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The aim of this paper is to identify the level of psychological alienation among students at university of Garmian and to achieve this aim; a descriptive approach has been adopted. The paper sample consists of 310 students of both genders and a questionnaire, made of 27 points, was used for this purpose. To fix the gathered statistic data and information, the researchers used statistic tools like (T tests for one sample, and one-way ANOVA for two samples). The most important outcomes of the study showed that the Psychological Alienation level among students at Garmian University was high. Moreover, the results didn't vary according to the gender and the colleges like (Science, Basic Education, Language and Humanities), or academic stages (first, second, third or fourth stage) in terms of the level of psychological alienation. Conclusively, the researchers made some recommendations and suggestions based on the results of the study.

**Keywords:** Alienation, Psychological alienation, University student.

## پێشەکی :

مرۆڤ بە ڕەگەزێکی گرنگی سروشت و ژینگە دادەنرێت و فاکتەرێکی گرنگە بۆ داهێنان و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی دنیا. لەڕووی سیاسی و ئابوری و تەکنۆلۆژیا و کۆمەڵایەتییەوە. بەجۆرێک تاک وەک بوونەوەرێکی عەقڵانی دەستێکی باڵای هەیە لە دارشتنی سیستمی کولتوری و مەعریفی ئەو قۆناغە مێژوویەی تێیدا دەژی لە ژینگەکەیدا، بە پێچەوانەشەوە ئەوەی تاک دایدەهێنێت لەڕێگەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە جارێکی تر، لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە کار دەکاتە سەر تاک و سەرلەنوێ دارشتنەوەی ژیان، لەم ساڵانەی دووایدا و بەهۆی گۆڕانکاریە ژینگەیی و ئابوری و شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژیا و ئەو قەیرانە یەک لەدوای یەکانەی دنیای گرتۆتەوە، مرۆڤایەتی بە گشتی ڕووبەڕوی چەندین شۆک و ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بووەتەوە، کەبوون بەسەرچاوەی سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و گرفتی کۆمەڵایەتی چونکە تاک هەست دەکات لە ژیانێکی دووبارە و پڕ لە ڕۆتیندا دەژی و ئاسۆکانی لێڵن و توانای خۆگونجاندنی خێرای نییە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە یەک لەدواییەکانەی جیهانی گرتۆتەوە، هەربۆیە توشی جۆرێک لە بێهێوایی و بێ ئومێدی دەبێت کەبەرەو نامۆبوونی دەروونی دەبات، کاتێکیش تاک هەستی کرد لەنێو سیستمی دەزگا کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان پەراوێز دەخرێت و بەردەوام هەوڵدەدات و خۆی ماندوو دەکات تا مانایەک بەخۆی بدات و شکست دەهێنێت ئەوا توشی نامۆیی دەروونی دەبێت، نامۆبوونی دەروونیش خۆی لەگۆشەگیری و تەنیایی و دورکەوتنەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نیگەرانیدا دەبینێتەوە، کە دۆخێکە تاک بەهۆی ئەو پەستانە زۆرەی لەسەریەتی لەژیانی ڕۆژانەیدا بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو خواستەکانی هەوڵی بۆ دەدات و پێی ناگات. توێژەرانیش بەهۆی گرنگی چینی خوێندکار کە گەنجانن و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، توێژەرانیش هەستاون بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دەروونی مەیدانی لەسەر ئەم توێژە، چونکە بەهۆی گۆڕانکارییە فسیۆلۆجییەکان و هەڵچوونە جۆراجۆرەکانەوە لەهەر توێژێکی تری کۆمەڵگە زیاتر ڕووبەڕووی نامۆیی دەروونی دەبنەوە، بەتایبەت خوێندکاری زانکۆ، بەهۆی ئەوەی لەبەردەم تەمەنێکی گرنگ و هەوڵدان و خوگونجاندان تا بگەن بەخواست و داوەکارییەکانیان و ئەو ئامانجانەی نەخشەیان بۆ کێشاوە، هەر بۆیە ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دەروونی وەک ترس و دڵەڕاوکێ و کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵی داوە هۆکارەکانی پشتەوەی نامۆبوونی دەروونی ئەو قۆناغە گرنگەی ژیانی گەنج تاوتوێ بکات، تا لەڕێگەیەوە چەندین پێشنیار و ڕاسپارە بخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەستی بەدواداچوونی ئەو گرفتانەی دەبنەهۆی نامۆیی دەروونی لای خوێندکاران و چارەسەرکردنیان..

## کێشەی توێژینەوە:

نامۆبوون چەمکێکە لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بوونی هەبووە، لە هەموو قۆناغە یەک لەدوای یەکی شارستانییەتەکاندا بە درێژایی مێژوو ئەزموون کراوەو درکی پێکراوە لە فۆرمی جیاجیادا(Avci 2012: pp. 23-40) هەستکردن بە نامۆیی لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بووەتە کێشەیەکی گەورە و هەنووکەیی، ئەو گۆڕانکاریانەی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن دروستی کردوون، بوون بەهۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، دیاریترینیان هەستکردن بە نامۆبوونە لای تاک (Rintala,1998: 366-378)

نامۆبوون، بونیادێکی فرە ڕەهەندە خۆی لەچوار لایەندا دەبینێتەوە، وەک بێدەسەڵاتی و بێ مانایی و بێ نۆرمبوون و گۆشەگیری، ئەمانەش بەشێکی گرنگی پێکهاتەی دەروونی تاکن(Brown, Higgins, Pierce, Hong, & Thoma, 2003:3-9)، هەروەها(Er-bas، Caglar، 2012,2014) لە دوو توێژینەوەی جیاوازدا ئاماژەیان بە کاریگەری نامۆبوون کردووە لەسەر دەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان، لەڕووی تێبینیکردنی هەڵسو کەوت و ڕەفتارەکانی فێرخوازان لە بارودۆخە جیاوازەکانی فێربووندا، لەگەڵ ئەوەشدا )سیمن(پێیوایە وایە گەنجیی قۆناغێکی ڕاگوزەرە لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریەوە بەرەو پێگەشتن و گەورەبوون، بۆیە گەنجان لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی گۆڕانکاری سۆزداری و کۆمەڵایەتی و کەسی دەبنەوە(Ball,2005)، خوێندکارانی زانکۆش چینێکی گەنجی کۆمەڵگەن و دەکەونە نێوان منداڵی و هەرزەکاری و گەورەبوون و پێگەیشتنەوە. هەر بۆیە (Yadav & Nagli:2012) لە توێژینەوەیەکی هاوبەشدا پێیانوایە نامۆبوون دەبێتەهۆی سوتانی دەروونی و بێ هیوایی. ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە بەهۆی گۆڕانکارییە کەلتوری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەکانەوە کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ڕوو لە زیاد بوونە، یەکێک لە بەربڵاوترین کێشەکانیش نامۆیی دەروونی یە( Öksüz & Öztürk، 2017 :1182)ئەم دیاردەیە لەنێو خوێندکاراندا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن زیادی کردووە.(العتيري والاحرش، 2020: 255) ئەو ڕێگایانەی خوێندکارانی زانکۆ گرتویانەتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانج و دەستەکەوتە ئەکادیمیەکانیان لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕانەی لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەوە ڕوودەدەن، بەرەو پوکانەوە و کاڵبوونەوە دەچن، ئەمەش بەهای نارێك و نەگونجاوی لێدەکەوێتەوە کە زەحمەتە خوێندکار بتوانێت خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت، لە ئەنجامدا هەستێکی شپرز و پڕ لە فشاری ناوەکی خوێندکار لەگەڵ خۆی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دروست دەکات، دواتر پەلدەکێشێت بۆ گۆشەگیری و هەستکردن بە نامۆیی( حەمدانی،2011: 12)، (El-Deeb ,2012: 547-63)، هۆکارێکی تری نامۆبوونی خوێندکار پەیوەندی هەیە بە فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی وەک پرۆگرامی خوێندن و ژینگەی دامەزراوە پەروەردەیەکان و پەیوەندییە سۆسیۆکولتورییەکان (Brown et al., 2003; Huffman, 2001; Redden, 2002; Rokach, Bauer, & Oreck, 2003; Taylor, 2001).

لەبەرئەوەی ئێمەی توێژەر بەشێکین لە پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکاندا، لەبەر ڕۆشنایی ئەزموون و بەرکەوتنمان بە خوێندکاران و تێبینیکردنی ڕەفتارو هەڵس وکەوتیان درکمان بەوەکردووە کە خوێندکار بەدەست هەستکردن بە نامۆبوونی دەروونیەوە دەناڵێنێت. هەربۆیە توێژەرانیش بەباشیان زانی لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە گەنگەشەیەکی زانستی دیاردەی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بکەن بۆیە دەپرسن، ئایا نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ هەیە؟ وە هەروەها دەپرسن ئایا نامۆبوونی دەروونی لای ڕەگەزی نێر زیاترە یاخود مێ؟ لەهەمانکاتدا دەپرسن ئایا نامۆبوونی دەروونی لای چ قۆناغێک زیاترە یاخود کەمترە؟ لەکۆتایدا دەپرسن ئایا جیاوازی پسپۆڕی کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی نامۆبوونی دەروونی خوێندکاران؟ چونکە لەئەگەری بوونی وەها کێشەیەک پێویست بەوە دەکات توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت و زانستیانە ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکرێت کەلە پشتی ئەو هەستکردن بە نامۆبوونەوە وەستاوە.

## گرنگی توێژینەوە:

قۆناغی زانکۆ گرنگە بۆ گەنجان لەڕووی قەیرانی ناسنامە و تێڕوانینەکانیەوە بۆ داهاتوو لەسەر خۆیان و جیهان و ئامانج و لایەنی پیشەیی و خواستەکانیان، لەسەردەمێکدا گۆڕانکارییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەوە لەوپەڕی خێرایدان، بەخێراییش دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە مۆدیلی ژیان و یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆتاییەکانی ئەم چەرخەدا، پەراوێزخستنی ڕۆڵی گەنجان لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدوو لایەندا دەردەکەوێت، گەڕانەوە بۆ خودسەنتەری و دورکەوتنەوە لەوانی تر، یاخود یان تاوانکردن و دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی ئەوانی تر بەهۆی بێزاری و سیستی لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا( العنزی، ٢٠١٦؛ ٧١)، ئەمەش دەبێتەهۆی دەرکەوتنی گرفت و کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەک نامۆبوون، ئەم توێژینەوەی ئێمەش گرنگی تیوری و پراکتیکی هەیە، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینە ڕوو:

١- چینێکی گرنگی کۆمەڵگەمان دیاریکردووە، کەگەنجان و خوێندکارانن، چونکە ئەم چینە لە هەموو چینەکانی تری کۆمەڵگە زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ ئالەنگارییە نوێکاندا هەیە.

٢- خوێندکارانی زانکۆ بەدەست کێشەی جۆراوجۆری پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی یەوە دەناڵێنن، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکی زانستیانەیە بەمەبەستی بەدواداچوون و گرنگیدان بە خوێندکاران و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان.

٣- گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە ئەبێت، تا ئێستا توێژینەوەیەکی وەها ورد و زانستی لەسەر نامۆیی دەروونی لای خوێندکاران نەکراوە، ئومێد دەکەین ئەم توێژینەوەیە کەلێنێک لەوبوارەدا پڕ بکاتەوە، ببێت بەسەرچاوەیەکی زانستی گرنگ بۆ توێژینەوەکانی دواتر لەسەر ئەو بابەتە.

٤- ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتی دەزگا پەیوەندیدارەکان دەدات، ڕێوشوێنی گونجاوتر بگرنە بەر بۆ بەرزکردنەوە هەستی بڕوا بەخۆبوون لای خوێندکاران، لەگەڵ کەمکردنەوەی هەستی نامۆیی دەروونی و کۆمەڵایەتیان و چێژ وەرگرتن لەژیانیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕێگەی سیمینارو ۆرک شۆپ و کۆنفرانس و بەرنامە پەروەردەیی و دەروونییەکانەوە.

## ئامانجی توێژینەوە:

١-زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

٢-زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکاران بەپێی هەریەک لەگۆڕاوەکانی (ڕەگەز، کۆلێژ، قۆناغەکانی خوێندن)

## پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

چەمکی نامۆبوون چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە لەلایەن هەریەک لە توێژەران و پسپۆڕانی بواری دەروونزانیەوە، لەگرنگترین ئەو پێناسانەش (Fromm:1960)ە کە پێیوایە نامۆبوون جۆرە ئەزموونێکە کە تاک تێیدا هەست بە نامۆبوونی خۆی دەکات، هەست ناکات بەشێکە لەناوەندی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی و چالاکییەکانی تێدا ئەنجام دەدات،وا هەست دەکات چالاکی و ئەنجامەکانی کۆنترۆڵی ئازادییەکانی دەکەن.((Fromm,1960:22

پێناسەی(Horny:1975) نامۆبوون: گوزارشتێکە تاک لەڕێگەی دابڕانی لەخودی خۆی و هەستەکانی و باوەڕو بۆچوون و تایبەتمەندیەکانی یەوە دەریدەبڕێت، کە تێیدا هەست بە لەدەستدانی تواناو چالاکییەکانی دەکات لەگەڵ خۆی و دەوروبەری.(Horny:1975)

-پێناسەی(Harre at all, 1985)نامۆبوون:بارودۆخێکە کە تیادا تاک هەست بە وونبوونی خۆی و ئەو خواستانەی دەکات کە پێشتر خاوەنداری دەکرد» (Harre & Lamb, 1983).یان نامۆبوون: بریتی یە لەپەیوەندییەکی نێگەتیڤی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی و

هەڵسوکەوتەکانی دژی نۆرمەکانی کۆمەڵگە و لێکترازانی لەگەڵیاندا. (Wynne, 1978; Young, 1985)

کەواتە نامۆبوون barودۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە کە تاک تێیدا هەست بە دابڕان و لێکترازانی پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵ خودی خۆیی و کەتواری کۆمەڵایەتی، بەهۆی جیاوازی لەنێوان ئامانج و پرۆژەکانی و داواکاری و خواستەکانی کۆمەڵگەکەی، تا ئێرەپێناسەی چەمکی نامۆبوونمان کرد، هەربۆیە لێرەوە ئاماژە بەپیناسەی چەمکی نامۆبوونی دەروونی دەکەین کەمەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمانە: (زهران، ٢٠٠٢) پێیوایە نامۆبوونی دەروونی بریتی یە لە هەستکردنی تاک بە لەدەستدانی ئینتیما و متمانە، و ڕەتکردنەوەی داب و نەریت و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ئازار و فشارە دەروونییەکان، لە ڕێگەی هەستکردن بەلاوازی و لەدەستدانی یەکگرتووی کەسێتی لەژێر فشاری چالاکییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگەدا.(زهران، ٢٠٠٢: ٦)

هەروەها (العقلي، ٢٠٠٤)پێناسەی نامۆبوونی دەروونی کردووە بەوەی کە بریتیە لەهەستی دابڕانی تاک لەکۆمەڵگە یاخود خۆی، یان هەردووکیان، بەهۆی لەدەستدانی هەستی بڕوا بەخۆبوون و بەها و مانای ژیان و ئامانجەکانی، پەیوەستنەبوون بە پێوانەکان و لەدەستدانی ئینتیما. (عنيد، ٢٠١٨: ٤)

پێناسەی (Seema,2017) نامۆبوونی دەروونی: بریتی یە لە دۆخێکی دابڕان و گۆشەگیری و بێ متمانەیی و بێ شوناسی تاک لەڕووی دەروونیەوە لەخۆی و کۆمەڵگەی، کە تێیدا تاک هەست بە بێ مانایی و بەهایی ژیانی دەکات(Seema,2017,3).

لەڕوانگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین نامۆبوونی دەروونی بریتی یە لە» هەستکردنی تاک بە لێکترازانی پەیوەندییەکانی بە دەروونی خۆی جیهانی دەرەوەی و بێ مانایی و بێ بەهایی و بێ ناسنامەیی لە چوارچێوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا.

پێناسەی ڕێکاری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەو نمرانەی خوێندکاران لەکاتی وەڵامدانەوەی فۆرمی ڕاپرسیەکەدا بەدەستی دەهێنن.

## خوێندکاری زانکۆ:

ئەو کەسەیە کەبەهۆی توانا زانستییەکانیەوە دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی ڕێگەی پێدەدرێت لەزانکۆدا درێژە بەخوێندن بدات، بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی لیهاتوویە پیشەیی و زانستییەکانی لەچوارچێوەی پسپۆرییەکی دیاریکراودا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، و بەلایەنێکی بنەڕەتی پرۆسەی پەروەردەیی دادەنرێت لەزانکۆدا بۆتەواوکردنی پێداویستییە زانستییەکانی بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە. (صدام،٢٠١٥: ١١)

## تیۆرەکانی نامۆبوون:

### ١-تیۆری سیمەن بۆ نامۆبوون:

مارکس نامۆبوونی مرۆڤی دەگەڕاندەوە بۆ ئۆبجێکتەکانی دەوروبەری مرۆڤ، بەڵام سیمەن بە جۆرێکیتر چەمکی نامۆبوونی بردەوە نێو بواری دەروونناسی کۆمەڵایەتی، هەروەها تێورەکەی درێژە پێدەری بیروبۆچوونەکانی مارکس بوو، بەتێگەشتنێکی تر سیمەن نامۆبوونی لەنێو پێنج ڕەهەندی پێوانەی دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا شرۆڤەکرد، پێیوایە لەڕێگەی ئەم پێنج ڕەهەندەوە، دەتوانین باشتر لە دیاردەی نامۆبوون تێ بگەین، ئەوانیش: بێدەسەڵاتی، کە تاک تێیدا هەست دەکات هیچ توانا و هێز و کاریگەرییەکی نییە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی، و بێ مانایی بەواتای ئەوەی تاک تونای هیچ بڕیاردانێکی نییە و شارەزایی نییە لەوەی چۆن چالاکییەکانی ئەنجامبدات، یاخود هەست بەوە دەکات هیچ توانایەکی نییە و ئاراستە دەکرێت، و بێ نۆرمی، واتە تاک ڕێگە و شێوازی لادەرانە و ناپەسەند بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، و گۆشەگیری، تاک تێیدا هەست بە تەنهایی دەکات و وا بیردەکاتەوە دابڕاوە و جیاکراوەتەوە لە کۆمەڵگە و هیچ پەیوەندییەکی بە کەتوار و فەرهەنگی کۆمەڵگەوە نەماوە و بەشێک نییە لێی، کۆتا ڕەهەند بەپێی بۆچوونی سیمەن

لەخۆنامۆبوونە، ئەویش هەستێکی توندە کە تاک تێیدا وا بیردەکاتەوە تەنانەت بەخۆشی نامۆیەو خۆی ناناسێت(غیث، ١٩٩٥: ٢٢).

پاشان سیمەن چەمکی ئەنۆمی لە ڕۆبێرت میرتۆن (١٩٤٩) وەردەگرێت کە پێی وایە ئەنۆمی بریتییە لە دژیەکیەک لەنێوان بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئامانج و هەڵسوکەوتەکانی تاکدا. ڕەهەندی چوارەمی تیۆرەکەی سیمەن گۆشەگیری یە، کە تاک تێیدا بڕیاردەدات لە پێوەرە ستاندارده کۆمەڵایەتییەکان دوربکەوێتەوە و بەتەنها بژی، نرخێکی کەمیش بەو ئامانج و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیانە دەدات کە بونیادی کۆمەڵگەی لەسەر دامەزراوە، وە گۆشەگیریش بەمانای کشانەوە و دابڕانی تاک دێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان(Israel,١٩٧١: ٢١٢). ڕەهەندی کۆتایی لە تیۆرەکەی سیمەن دا لەخۆنامۆبوونە، ئەویش جۆرێکە لە نامۆبوون بەهۆی ئەو چالاکیانەوە دروست دەبێت کە تاک ئەنجامی دەدات و ویستەکانی خۆی تێدا بەدینایەت Seeman, ١٩٥٩: ٧٩٠)) ، لەکاتێکدا بارودۆخێک دروست دەبێت کە تاک کاری داهێنەرانەش ئەنجام بدات هەستی پێ ناکات و توشی لەخۆنامۆبوون دەبێت، لێرەدا تاک پێی وایە ئەو توانا پۆتێشناڵەی هەیەتی ناتوانێ هیچ بەرهەم بهێنێت و تەنها کات بەفیڕۆدەدات. سیمەن بەتوندی کەوتبووە ژێر کاریگەری مەرجە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، یەکێک لەو ڕەخنانەی لە سیمەن دەگیرا پشت بەستنی توندی بوو بە بابەتە دەروونناسییەکان لە تێڕوانینی بۆ چەمکی نامۆبوون،بەڵام سیمەن بەشێوەیەکی بابەتیانە بەرگری لە بیروبۆچونەکانی خۆی کرد دژ بە نەیارەکانی، بانگەشەی ئەوەی کرد کە تیۆرەکەی لەسەر بنەمایەکی ئەزموونی تایبەتی دامەزراوە بۆ لێکۆڵینەوەلە چەمکی نامۆبوون (Israel,١٩٧١: ٢١٣)

**٢- تیۆری دەروونشیکاری:**

فرۆید پێی وایە نامۆبوون بەرهەمی ئەو شارستانیەتیەیە کە تاک خۆی دروستی کردووە و کاریگەری لەسەری داناوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئارەزوو و ئاراستەکانی خۆیەوە دەجوڵێتەوە، واتە لە ڕوانگەی فرۆیدەوە نامۆبوون لەئەنجامی ململانێ و کۆنترۆڵکردنی شارستانیەتەوە سەرهەڵدەدات، کە لای تاک هەستی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و دڵتەنگی دروست دەکات( کاتێک تاک لەژێر فشاری یاسا کۆمەڵایەتی و شارستانیەتە ئاڵۆزەکاندا ڕووبەڕووی ئازار و نارەحەتی دەبێتەوە و توانای فێربوون و خێرا وەرگرتنی ئەو گۆڕانکاریانەی نییە کە ڕوودەدەن، لەئەنجامدا تاک توشی ململانێ دەبێت لەنێوان خواستەکانی خۆی و داواکارییەکانی کۆمەڵگەکەی، ناچار دەبێت لەژێر ئەو فشارە جۆراوجۆرانەدا پەنا ببات بۆ میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی لەگەڵ ئیگۆی(من)خۆیدا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرژی و ناکۆکیەی لە نێوان ئارەزوو و خەونەکانی و داب و نەریت و یاساکانی کۆمەڵگەدا دروست بووە، بۆیە شتێکی سروشتییە بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرژییەکانی پەنا بۆ پێکهاتەی (من) ببات کە کەسایەتی خۆی لەسەر بونیاد ناوە، بەو هۆیەیش تاک توشی دڵەڕاوکێ و نامۆبوونی دەروونی زیاتر بکات، بۆیە فرۆید لەو باوەڕەدایە شارستانییەت لەسەرحسابی بنەمای چێژ (لیبیدۆ)دروست بووە و تەنیا گرژی و فشار و نامۆبوونی پێشکەش بە مرۆڤ کردووە(زعتر، ١٩٨٩: ٢٠).هەروەها فرۆید لە دوولایەنەوە سەیری دیاردەی نامۆبوون دەکات، یەکەمیان، شکستهێنانی پەیوەندیەکانی تاک بەو شارستانیەتەی دروستی کردووە توشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەکات، دووەمیان ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکاری نامۆبوون پەیوەندی بە ئازادی خود و نەناسینی پێکهاتەکانی ( من و منی باڵا) وە هەیە لای تاک بەهۆی پشتبەستنی زۆری منداڵ بەدایک و باوکی لە ڕابردوودا(شتا، ١٩٨٤: ٤٥)، لەلایەکی ترەوە فرۆید گریمانەیی ئەوە دەکات نامۆبوون، نامۆبوونی هەستە لە نەست. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی شارستانیەت ئەو فشارانەی دروستی دەکات ناکۆکە بە جەوهەری خود، ئەمەش وا لە تاک دەکات لەخۆی و کۆمەڵگەکەی نامۆ بێت(الموسوي، ١٩٩٧: ٧٨)، هەروەها کارل هۆرنی پێی وایە نامۆبوون کاتێک ڕوودەدات، ئەو وێنە ئایدیالییەی تاک دروستی کردووە بۆخۆی زۆر جیاواز لەوێنە کەتواریەکەی، ئەمەش بۆشاییەکی قوڵ لە خوددا دروست دەکات، کاتێکیش مرۆڤ خو بەو بوونە ئایدیالیەوە دەگرێ ئیتر بەئەستەم قبوڵی بوونە کەتواریەکەی خۆی دەکات و نایەوێ بگەڕێتەوە نێو کەتواری ژینگەکەی، هەربۆیە تاک تێڕوانینی نێگەتیڤی بۆ دروست ئەبێت و توشی شڵەژان و نارێکی دەبێت، و هەستی نامۆبوون تیایدا زیاد دەکات.(قبقوب و سعيدي، ٢٠١٥: ٢١٦- ٢٣٧)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**٣- تیۆری نامۆبوونی گەنجان لای کینستۆن:**

کینستۆن لە تیۆرەکەیدا سەبارەت بە نامۆبوونی گەنجان، بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەهەند وەردەگرێت، لە کتێبەکەیدا کە لەساڵی ١٩٦٥ بەناوی (نامۆبوونی گەنجان لە کۆمەڵگەی ئەمریکی)دا، ئاماژە بەوە دەکات، نامۆبوون دیاردەیەکی حەتمیە و لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدات، بەپێی جیاوازی کولتوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە، کە هەندێجار گۆڕانکارییە کتوپڕ و خێراکان دۆخێکی بێهیوایی و ناجێگیر دروست دەکەن، کە دەبنەهۆی نامۆبوون(Keniston,١٩٦٥: ٦٥)، دەتوانین لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکەی کینستۆندا بڵێین هەر بارودۆخ و ئاڵەنگاریەکی نوێ ڕووبدات ئەوا بەرێژەییەکی زیاتر بەر گەنجان دەکەوێت، چونکە گەنجان لەو قۆناغەدا لەڕووی دەروونی و فسیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی یەوە لەبەردەم گۆڕانکاری و هەڵچوونێکی بەرزدان، بۆیە لەچینە مرۆییەکانی تر زیاتر کاریگەرییەکانی لەسەر دەردەکەوێت و توشی بێهیوایی و بێ مانایی و نامۆبوون دەبێت.

**٤- تیۆری قەیرانی شوناس لای ئەریکسۆن:**

ئەریکسۆن یەکێکی ترە لەو زانایانەی لە تیۆرەکەیدا لە لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە، سەیری نامۆبوون دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە هەرزەکاری قۆناغێکی گرنگی بونیادنان و دروستکردنی شوناسی (خود)ە لای تاک، پێی وایە کاتێک تاک ئامانجێکی باڵای هەیە و لەگەڵ پێداویستییەکانی خودی خۆیدا تەبایە، ئەوا هەست بە یەکگرتویی شوناسی دەکات و بڕواو متمانەی بەخۆی زیاد دەکات، بەڵام کاتێک تاک هەست بکات شوناس و خواستەکانی ناتەبان و ناگونجێن، ئەوا توشی گرفتی شوناس دەبێت، نەبوونی یەکگرتووی شوناس و خود لای هەرزەکار و تاک، دەبێتەهۆی هەستکردن بە بێ مانایی و نامۆبوون(Erikson,١٩٦٨; ٦٤).

**٥- تیۆری ڕەفتاری:**

ئەو زانایانەی خاوەنی تیۆری ڕەفتارین، تیشکیان خستۆتە سەر بابەتی فێربوون بۆ لێکدانەوەی دیاردە دەروونییەکان، لایەنگرانی ئەم تیۆرە باس لەوە دەکەن کە بوونی پاداشت و سزا هۆکاری سەرەکی لادان و نامۆبوونی تاکن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تاکن و دیاردەی نامۆبوون ، چونکە تاک وا هەست دەکات ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەتانە ئەنجامی دەدات بەشێک نییە لە کەسایەتی، لە میانەی تێگەشتنی ئەم تێورەوە کەموکورتی و کێشە ڕەفتارییەکان، هۆکاری ئەنجامدانی ڕەفتارە لادەرەکانن کە تاک فێریان ئەبێت لە وروژێنەر و سەرچاوە جۆراجۆرەکانی ئەو ژینگەی تێیدا دەژی، بۆیە تاکیش بەرگری لەخۆی دەکات لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستانەی بەدڵی خۆی نییە و دڵخۆشی ناکات خۆی دەپارێزێت، و ئەم تیۆرە پێی وایە تاک بەهۆی ئەو بۆشاییە ئەکەوێتە نێوان خۆی و دەوروبەریەوە لەکاتی تێرکردن و وەڵامدانەوەی ورژێنەرەکانی توشی نامۆبوون دەبێت، و لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تر و لەگەڵ خۆی دووردەکەوێتەوە.(عبداللە، ٢٠٠٧: ٣٦)

**٦- تیۆری هۆکار و خاسیەتە جۆراوجۆرەکانی نامۆبوون:**

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای چەند فاکتەرێکی دیاریکراو هەڵسوکەوتی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەو فاکتەرانەی توانای سنووردارکردن و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی مرۆڤیان هەیە. لەو توێژینەوانەی لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئەنجامیانداوە لەسەر ئەو کەسانەی نامۆبوونیان هەیە، گەشتون بەوەی فاکتەرەکانی: خۆپەرستی و ڕەشبینی بێ متمانەیی و بۆشایی و تەنگەژەی ڕۆژانە و بێ مانایی و گۆشەگیری و بێکاری و لەدەستدانی توانای بەرپرسیاریەتی و پەشێوی لە ناسنامە و شوناس و بروانەبوون بەدەوروبەر و لەدەستدانی بەهاکان و گرفتە خێزانییەکانی نێوان منداڵ و دایک و باوک، شکست و نەگونجان لە پێکەوەبەستن و دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی تاک بەڕابردوو و ئێستاوە، نەگونجانی نێوان نەوەکانی ڕابردووە ئێستا، فاکتەری سەرەکین بۆ نامۆبوونی تاک.(زهران: ٢٠٠٤: ١١٣)

**٧- تیۆری ئیرادەی مانا لای فرانکل:**

فرانک لە تیۆرەکەیدا پێی وایە ئیرادەی مانا گەورەترین گرفتی مرۆڤی ئێستایە، چونکە لە ڕاستیدا گرفتی هەست بەکەمی کردن و نەبوونی ئامانج لەژیاندا بنەمایەکی گرنگن بۆ مانادارکردنی ژیانی مرۆڤ، ئیرادەی مانا لای فرانکل بە واتای هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و تایبەتمەندێتی، هەموو مرۆڤێک ئەرک و پەیامی تایبەتی هەیە لەژیانیدا، لەهەموو بارودۆخێکدا بەرگری لێ دەکات و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، هەموو ئەو ڕێگایانەی مرۆڤ دەیانگرێتە بەر بۆ مانادارکردنی بوونیەتی و چۆنیەتی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر ئەو بوونەدا. (فرانکل: ١٩٩٨: ١٨)

هەروەها فرانکل ئاماژە بەوە دەکات ئەو کەسانەی لە ژیاندا هەست بەبێ مانای ئەکەن، بەدەست بۆشاییەکی قوڵی بوونەوە دەناڵێنن، کە دەبێتەهۆی بێهیوایی لە بوونیان، ژیانیان لا بێ مانا ئەبێت، و توشی نامۆبوون دەبن، بۆیە فرانکل پێی وایە ئەو بۆشاییە وجودیە لە دوولایەنەوە دروست ئەبێت:

١- لەدەستتدانی ئاسایش و ئارامی، لەو کاتەوەی مرۆڤ لەبەهەشت بۆ هەتا هەتایی دەرکرا، مرۆڤ ئەرک بوو لەسەری هەڵبژاردن بکات لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ژیانە نوێکەیدا.

٢- پێشکەوتنی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن و هاودژیەکی گەورە لەگەڵ ڕەفتارەکانیدا دروست بووە، بەهۆی پشت بەستنی بەو نەریتانەی کە بووە هۆی تێکدانی ڕەفتارەکانی، هیچ پاڵنەرێک نییە بۆ ئەوەی ڕێنمایی بکات بۆ ئەوەی چی بکات و بەو هۆیەوە شێوازی ژیانی تێک چووە، خۆی لەبەردەم بێ مانایی و هەستی نامۆبوون دەبینێتەوە

لەوەها توێژینەوەیەکدا بەتەواوی ناتوانرێت هەموو لایەنەکان و هۆکارەکانی تیۆرەکان ڕوونبکرێتەوە، بۆیە تیشکمان خستۆتە سەر بەشێکی گرنگی ناوەڕۆکی تیۆرەکان، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوە هاوڕایە لەگەڵ تێڕوانینە جیاوازەکانی زانایان بۆ چەمکی نامۆبوون، چونکە هەر تیۆرە و لەگۆشەیەکەوە سەیری بارودۆخی مرۆڤ و تاک دەکات، و قۆناغی گەنجیش کە هاوتایە بە تەمەنی خوێندکاری زانکۆ، ئەوا دەتوانین بڵێین دەکەونە ژێر شرۆڤە و تێڕوانین و هۆکارەکانی ئەم تیۆرانەوە.

## توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر نامۆبوونی دەروونی:

**١- توێژینەوەی(Godwin, 1972):**

بەناونیشانی ( پەیوەندی نێوان نامۆبوون و هەندێک لە گۆڕاوەکان- توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە) ئامانجی توێژینەوەکە بریتی یە لە زانینی ئاستی نامۆبوون و هەندێک لە گۆڕاوەکانی وەک( ئاین، ئاستی خوێندن، ڕەگەز، ئاستی هیوا، تەمەن و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی)، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(٣٩٢) خوێندکار لە پەیمانگا جیاوازەکان لە باشوری ئەمریکا، و (٢٢٦) خوێندکار لەزانکۆکانی ناوەڕاستی ئەمریکا، فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە و توێژەر خۆی پێوەری نامۆبوونی دروستکردووە، لەکۆتایدا گەشتووە بە ئەنجامی ئەوەی کە پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستی نامۆبوون و تەمەندا، لای تەمەن کەمەکان نامۆبوون زیاترە، هەروەها پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستی هیواو و نامۆبوون لە بەرژەوەندی پەیمانگاکانی باشوری ئەمریکا، وە جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ و ئاستی نامۆبوون لای ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ، بەڵام هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان ئاستی نامۆبوون و گۆڕاوەکانی ئایین و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی.(Godwin, ١٩٧٢:٢٢)

**٢-توێژینەوەی(Mahoney and Quick, 2001 ):**

بەناونیشانی (کەسایەتی و پەیوەندی بە نامۆبوون لە زانکۆ نموونەیەکان)،ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دۆزینەوەی ئاستی نامۆبوون لای خوێندکارانی زانکۆ لە ئەمریکا، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، ڕۆڵی زانکۆ لەبەرزکردنەوەی هەستی نامۆبوون لای خوێندکاران، نموونەی توێژینەوەکە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پێکهاتبوو لە (٢٢١) خوێندکار کە (١٣٦) کچ بوو (٨٥) یان کوڕبوو، ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە، وە پێوەری(Could)ی بۆ نامۆبوون بەکارهێناوە کە لە (٤٤) برگە پێکهاتووە، دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە نامۆبوون لای (٧٧) خوێندکار لەئاستێکی بەرزدایە، بەڵام هیچ جیاوازییەکی ئاماریی نییە لەنێوانیان بۆ هەستکردن بە نامۆیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژینەوەکە دەری خستووە کە نامۆبوون لای خوێندکاران هەیە و هۆکارەکەشی بۆ بارودۆخی ژینگەی زانکۆ دەگەڕێتەوە.

### ٣-توێژینەوەی موسی(٢٠٠٢):

بە ناونیشانی( نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق و پەیوەندی بە بەدەستهێنانی پێداویستییە دەروونییەکانەوە)، ئامانجی توێژینەوەکە دۆزینەوەی دیاردەی نامۆبوون بوو لای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق و پەیوەندی بە هەندێک لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانەوە( تەمەن، ڕەگەز، قۆناغی خوێندن، پسپۆڕی)، و هەروەها زانینی پەیوەندی هەستکردن بە نامۆیی و پێداویستییە دەروونییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی( تەمەن، ڕەگەز، قۆناغی خوێندن، پسپۆڕی))، توێژینەوەیەکی وەسفی(پەسنی) شیکارییە، کۆمەڵگەکەی پێکهاتبوو لە (٥٦٨) خوێندکاری کوڕو کچ لە کۆلێجە جیاوازەکانی( پزیشکی، ئەندازیاری مەدەنی، ئاداب، و ڕاگەیاندن)، ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ هەردوو گۆڕاوی( نامۆیی دەروونی)و ( بەدەستهێنانی پێداویستیە دەروونییەکان)، لەئەنجامدا توێژەر بۆی دەرکەوتووە جیاوازی هەیە لەڕووی هەستکردن بە نامۆبوون لای خوێندکاران بەپێی گۆڕاوەکانی( تەمەن) و (پسپۆڕی) و نامۆیی لای خوێندکارە گەورەکان و کۆلێژە زانستییەکان کەمترە لە خوێندکارە تەمەن بچوک و کۆلێژە ئەدەبییەکان.

### ٤-توێژینەوەی( کتلو٢٠٠٧ ):

بەناونیشانی( نامۆیی دەروونی لای گەنجانی زانکۆ و پەیوەندی بە گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانەوە)،ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی نامۆیی دەروونیی بوو لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و زانکۆ و تەمەن، میتۆدی پەسنی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٤٠١) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەز، ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە وپێوەری توێژینەوەکە توێژەر خۆی ئامادەی کردووە، لەئەنجامدا گەشتووە بەوەی کە بەشێوەیەکی مام ناوەند گەنجانی زانکۆکانی فەلەستین نامۆیی دەروونیان هەیە، توشی بێ مانایی دەبن، هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان خوێندکاران بۆ نامۆیی دەروونی بەپێی گۆڕاوی تەمەن لەبەرژەوەندی گەنجانی(١٩) ساڵ، هەروەها کە نامۆیی دەروونی لای ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ.(کتلو، ٢٠٠٧؛ ٣٢٢-٣٦٢)

### ٥-توێژینەوەی(علوان، ٢٠١٤):

بەناونیشانی( نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی یە لە، زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی زانکۆی بابل، سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژاردووە کە خوێندکارانی بەشەکانی( زمانی عەرەبی، بیرکاری، جوگرافیا و مێژوو و دەروونناسی و زمانی ئینگلیزی بوون) کە ژمارەیان (١٠٠) خوێندکار بوون, پێکهاتبوو لە (٥٠) خوێندکاری کوڕ و (٥٠) خوێندکاری کچ، پشتی بەستووە بە ڕاپرسی وەک ئامرازی توێژینەوەکە و پێوەری (الکبیسی) بەکارهێناوە بۆ پێوانە نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکاران کە لە (٢٦) برگە پێکهاتووە، لە کۆتاییدا گەشتووە بەو ئەنجامەی کە نامۆبوونی لای ڕەگەزی نێر زیاترە لەمێ، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی نێر زیاتر ئازار دەچێژێ بەدەست داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەوە چونکە ڕەگەزی نێر کەمتر پابەند دەبن بەو یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانەوە و زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕووداوە کت و پڕەکانیشدا هەیە.

ڕێبازی توێژینەوە: توێژەران لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وسفییان بەکارهێناوە.

کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەخوێندکارانی سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆی گەرمیان، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی،سامپڵی توێژینەوەکەش سامپڵێکی هەڕەمەکی سادەیە لەخوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، بەپێی ئاماری ساڵی خوێندنی (٢٠٢١).

**ئامرازی توێژینەوە:** توێژەران لەم توێژینەوەیەدا بۆکۆکردنەوەی زانیاری و گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە، ئامرازی ڕاپرسیان بەکارهێناوە، بۆئەم مەبەستەش فۆڕمی ڕاپرسی (علیان،٢٠١٣) یان وەک ئامرازێکی زانستی بەکارهێناوە.

## ڕاستی و جێگیری پیوەری نامۆبوونی دەروونی:

ڕاستی و جێگیری تویژینەوەکەمان لەتویژینەوەی (ابو عمرە،٢٠١٣)وەرگرتووە.بەم شێوەیەی خوارەوە.

## ڕاستی پێوەری نامۆبوونی دەروونی:

توێژەر بەمەبەستی سەلماندنی ڕاستی و دروستی برگەکانی ڕاپرسی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی، ڕپرسییەکەی دابەشکردووە بەسەر کۆمەڵێک لەپسپۆڕانیبواری دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا، دوای سەرنج و تێبینی پسپۆڕان، ڕادەی سەلماندنی گونجاوی و نەگونجاوی ڕاستکردنەوەو لابردنی هەندێک لەبرگەکانی ڕاپرسیەکە ، ژمارەی برگەکانی توێژینەوەکە(٢٨)برگەی لێ جێگیرکرا، لەبەرامبەر هەر رگەیەکدا،سێ ئاست دانراوە(بەدەگمەن ، هەندێکجار، بەردەوام)بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئاستی هەربڕگەیەک نرخێکی پێدراوە بەژمارە(١,٢,٣)، بەمەبەستی جێبەجیکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا.

## جێگیری پێوەری نامۆبوونی دەروونی:

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری توێژینەوەکە، تویژەر ئەلفاکرۆنباخی بەکارهێناوە،جێگیری توێژینەوەکە بەپێی ئەلفاکرۆنباخ دەکاتە (٨٦٪)، کەئەمەش بەپێی سەرچاوە ئامارییەکانی توێژینەوەی زانستە مرۆییەکان، ڕێژەیەکی گونجاوە، بۆ جێبەجێکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەماندا.

## کەرەستەی ئاماری ئەم توێژینەوەیە:

بریتییە لە(لادانی پێوەری و ناوەندە ژمێرەیی و تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک سامپڵ و دوو سامپڵی سەربەخۆ One way Anova)کە بۆشیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە پشتمان بەستووە بەبەرنامەی( SPSS) بۆ شیکاری ئاماریی لەتوێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا.

## ئەنجامەکانی تویژینەوەو لێکدانەوەکانیان:

لەم بەشەدا ئەنجامەکانی توێژینەوە بەپێی ئامانجەکانی تویژینەوەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ بەراوردکردنی بەتوێژینەوە هاوشێوەکان لەوشوێنەی پەیوەندی بەئەنجامەکانی ئەوتوێژینەوانەوە هەیە.

## یەکەم- ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەخستنەڕووی ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی و ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو و لادانی پێوەری بۆهەریەک لەبرگەکان و، پاشان نمرەی گشتی بۆهەریەک لەوبوارانە

دەرهێنراوە.

خشتەی (١): خستنەڕوی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان

| ژمارەی سامپڵی توێژینەوە | ناوەندە ژمیرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای (T) | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 311 | 44.054 | 7.097 | 54 | 310 | 24.71 | 1,96 | 0.05 |

بەپێی ئەنجامی بەدەستهاتووی ناو خشتەکەی سەرەوەوە بۆئاستی نامۆیی دەروونی ، ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو (٤٤,٠٥٤) بەلادانی پێوەری (٧,٠٩٧)، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T) بۆیەک سامپڵ، دەردەکەوێت کەناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی(٥٤)،و بەبەهای (T)هەژمارکراو (٢٤,٧١)، ئەمەش لەئاستی بەڵگەداریدایە، چونکە گەورەترە لەبەهای (T )خشتەیی(١,٩٦)، بەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠)، کەبچوکترە لەنمرەی هەڵەیی (٠,٠٥)و نمرەی ئازادی (٣١٠)، لەکاتی بەراوردکردنی ناواندە ژمیرەیی و ناوەندی گریمانەییدا، تێبینی دەکرێت کەناوەندە ژمیرەیی هەژمارکراو بچوکترە بەجیاوازی ١٠ نمرە ، هەروەها ئاستی بەڵگەداریش بچوکترە لەلەئاستی هەڵەیی. ئەوەش دەریدەخات کە جیاوازی ئاماری هەیەو بەڵگەدارەو ،ئەنجامەکان دەریدەخەن کە خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ئاستی نامۆیی دەروونیان هەیە، بەپێی ئەزموونی توێژەران لەنێو ناواندی زانکۆدا کەبەشێکن لە پرۆسەی خوێندن بەسەرنجدان لە هەڵسوکەوتی خوێندکاران و درککردن بەوەی خوێندکاران بەدەست هەستکردن بەنامۆیی دەروونییەوە دەناڵێنن، ئەوەش بەهۆی ئەو دڵەڕاوکێو ترس و گرفتانەی کەلەژیانی زانکۆدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەبەرئەوە توێژەران پێیان وایە خوێندکاران ڕوبەڕووی گۆڕانکارییە سۆزداری و کۆمەڵایەتی و کەسییەکان دەبنەوە لەکاتێکدا ئەوان لەنێو خێزان و کۆمەڵگەی جیاجیاوە هاتوون و هەر کۆمەڵگەیەکیش خاوەن کەلچەری تایبەت بەخۆیانە و تاکەکانیان لەسەری ڕاهێناوە. کە خوێندکارانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگایانە، هۆکارێکی تری نامۆبوونی خوێندکاران پەیوەستە بە پرۆگرامی خوێندن و ئەو کۆششانەی دەیکەن بۆ گەشتن بە ئامانجەکانییان و بەوەش تووشی بێهیوایی و نائومێدی دەبنەوە لەڕووبەڕووبونەوەی ئاڵەنگارییەکان و لەداهاتوویان، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەک لە(( Mahoney and Quick, 2001 ، (موسی،2002)، (کتلو،2007)، (علوان، 2014)، (Godwin, 1972 .)کە لەئەنجامەکانیاندا ئەوە بەدەرکەوتبو ئاستی نامۆیی دەروونی لای سامپڵی هەڵبژێردراو لەئاستێکی بەرزدایە .هەریەکەیان هۆکارەکانیان بەستوەتەوە بە چەند فاکتەرێکی جیاوازەوە..

دووەم:زانینی ڕۆڵی هەریەکە لە ( ڕەگەز، کۆلێژ ، قۆناغی خوێندن) لەسەر نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەش تاقیکردنەوەی (T)بۆ دوو سامپڵ بەکارهێنراوە(Independent samples Test).

١-جیاوازی نێوان خوێندکاران لە ئاستی نامۆیی دەروونی دا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر،مێ)، لەبەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا تاقیکردنەوەی (T)بۆ دوو سامپڵ بەکارهینراوە( Independent samples Test)، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (٢) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ژمێرەیی نمرەی پێوەرەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 114 | 42.96 | 7.11 | 0.39 | 0.873 |
| مێ | 197 | 44.85 | 7.02 | | |

بەهای (T) خشتەیی بەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) نمرەی ئازادی (٣١٠)= ١,٩٦

بەوشێوەیەی کەلە نێو خشتەی(٢) دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ ئاستی نامۆیی دەروونی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، ناوەندە ژمێرەیی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزی نێر بریتییە لە(٤٢,٩٦) و بەلادانی پێوەری (٧,١١)، لەگەڵ ئەوەشدا نمرەی ناوەندە ژمێرەیی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزی مێ بریتییە لە(٤٤,٨٥) بەلادانی پێوەری (٧,٠٢)لەکاتی بەراوردکردنی هەردوو ناوەندەکە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی مێ بەرزترە لە ڕەگەزی نێر،بۆ جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی) بۆ دوو سامپڵی توێژینەوەکە دەرکەوت کەئاستی بەڵگەداری (٠,٨٧٣)گەورەترە لە(٠,٠٥)، ئەوەش نیشانی دەدات کە جیاوازی نییە لەنێوان خوێندکاران لەهەردوو ڕگەز بۆ ئاستی نامۆیی دەروونی، بەڕای توێژەران، خوێندکاران لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەناوەندی زانکۆدا وەک یەک ڕووبەڕووی ئایندەیەکی نادیار دەبنەوە لەچارەنووسی خوێندنیان و بەهەمان شێوەی یەکدی. بیرکردنەوەیان ڕەشبینانەیە بەرامبەر بەداهاتوویان ،سەرەڕای ئەوەش خوێندکاران بێ جیاوازی لەهەمان دۆخی ئابووری خراپدا ژیان دەگوزەرێنن، سەرەڕای ئەو هۆکارانەش دۆخی ئێستای جیهان بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەم دۆخەدا تاکەکان ڕوبەڕووی چەندین حاڵەتی دەروونی قورس بونەتەوە لەمەترسیان بەتووشبوونیان بەم پەتا جیهانییە، هەروەها بەوهۆیەشەوە پرۆسەی خوێندن و تەواوی ڕێچکەی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو وەستێنراوە و جیهان ڕوبەڕوی کەرەنتینە بوەتەوە بەوەش چەندین جۆرو و حاڵەتی نەخۆشی سایکۆسۆماتی لەسەر تاکەکان دەرکەوتووە، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (Mahoney and Quick, 2001 )،بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی لەنێوانیاندا نییە، بەڵام بەپێچەوەنەی هەریەک لە توێژینەوەکانی ((کتلو ،٢٠٠٧)، (علوان، ٢٠١٤)، (١٩٧٢ (Godwin,) کە جیاوازی هەیە لەنێوان سامپڵی هەلبژێردراو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازیەکەش لەبەرژەوەندی نێردایە.

٢-جیاوازی نێوان خوێندکاران لە ئاستی نامۆیی دەروونی دا بەپێی گۆڕاوی کۆلێژ(زانست، پەروەردەی بنەرت، زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان)، لەبەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا تاقیکردنەوەی (T)بۆ دوو سامپڵ بەکارهێنراوە( Independent samples Test)، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (٣) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٣): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ژمێرەیی نمرەی پێوەرەکە بەپێی گۆڕاوی کۆلێژ.

| هاوکۆلکەی پەیوەندی | نمرەی ئازادی | کۆی چوارینەکان | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (T)هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| نێوان چوارینەکان | 38.979 | 2 | 19.490 | 0.385 | 0.681 |
| ناوەندی چوارینەکان | 15577.092 | 308 | 50.575 | | |
| کۆی گشتی | 15616 | 310 | | | |

لەخشتەی (٣) دا دەردەکەوێت کەوا ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠,٦٨١) گەورەترە لە( ٠,٠٥ ) ، ئەوەش ڕوونیدەکاتەوە کە جیاوازی نییە لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی بۆ ئاستی نامۆیی دەروونی، توێژەران پییان وایە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەخوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ڕەشبیین و نائومێدن لە ئایندەیان و پێیان وایە کەچانسی دامەزراندن وبەدەست خستنی کاریان نابێت و ناتوانن لەئایندەیاندا سود لەپسپۆڕی و بڕوانامەکانیان ببینن بەهۆی ئەو دۆخە ناهەموارە سیاسی و ئابوریەی کەباڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی وەدەستهاتووی توێژینەوەی (موسی،٢٠٠٢)،بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی ئەوە بەدەرکەوتبوو کە ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی کۆلێژە زانستییەکان کەمترە.

٣-جیاوازی نێوان خوێندکاران لە ئاستی نامۆیی دەروونی دا بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، لەبەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا هەریەک لە تاقیکردنەوەی (T)بۆ دوو سامپڵ ( Independent samples Test)، One Way Anova) بەکارهێنراوە، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (٤) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٤): خستنەڕوی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن.

| هاوکۆلکەی پەیوەندی | نمرەی ئازادی | کۆی چوارینەکان | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (T)هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| نێوان چوارینەکان | 251.503 | 3 | 83.834 | 1.675 | 0.172 |
| ناوەندی چوارینەکان | 15364.568 | 307 | 50.047 | | |
| کۆی گشتی | 15616.071 | 310 | | | |

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (٤) تێبینی ئەوە دەکرێت کە لەئاستی بەڵگەداری ئاماری دا نییە، چونکە بەرزترە لە (٠,٠٥) بۆ ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ، بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن(یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم)، بەبۆچوونی توێژەران نەبوونی جیاوازی نیوان خوێندکاران لە ئاستی نامۆیی دەروونی، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕیەوە کەخوێندکاران بەهەمان دۆخی ناهەمواری وەک لاوازی پرۆگرامدا تێپەڕ دەبن کە خوێندکاران وای دەبینن سودی ئەوتۆی نابێت لە دروستکردنی ئایندەیانداو پەیوەست نییە بەبازاڕی کارەوە، هەروەها بەهۆی ئەو پەروەردە پۆلیس ئاسایەی خێزانی کورد پێشکەش بە تەمەنی مداڵیان کردووە.کاریگەرییەکی نەرێنی دەرکەوتنی نیشانەکانی نامۆیی دەروونی لێدەکەوێتەوە لەلای خوێندکاران ئەمەش لەکاتێکدا دروستکردنی من(ego) پێچەوانەی پەیوەندییە سوزداری و کۆمەلایەتیەکانی خوێندکارانە لەتەمەنی زانکۆییاندا، هەربۆیە زۆربەی جار ڕووبەرووی گرفتی دەروونی دەبنەوە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی هەریەک لە)(موسی، ٢٠٠٢)، (Godwin,) ١٩٧٢)کە جیاوازی ئاماریی نییەلەنێوان خوێندکارانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا لە بواری نامۆیی دەروونی لای خویندکاران.

## دەرئەنجامی توێژینەوە:

پاش شیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و، بەراوردکردنیان بە تویژینەوەکانی پێشتر ، توێژەران گەشتوون بەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١-یاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لەئاستیکی بەرزدایە، ئەویش بەهۆی ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانەی کەلەکاتی شیکردنەوەی یامانجەکاندا خستومانەتە ڕوو.

٢-جیاوازی نی یە لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز ، کۆلێژ، قۆناغی خوێندن).

## ڕاسپاردە:

توێژەران لەبەر ڕۆشنایی تویژینەوەکە بەگرنگی دەزانن چەند ڕاسپاردەیەک بخەنەڕوو:

١- سود وەرگرتنی زانکۆی گەرمییان لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بەستاف و پێداویستیەکانی سەنتەری ڕاهێنانی چارەسەرسازی دەروونی لەنێو کامپی زانکۆدا.

٢- دارشتنی پلانێکی تۆکمەو گشتگیر بۆ هەموو پسپۆڕی و ئاست و قۆناغێکی خوێندن، لەپیناو گرنگیدان بە ئاریشەکانی خوێندکاران و هاوکاریکردنییان بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی گۆشەگیری و هەستکردن بەنامۆیی دەروونی لای خوێندکاران.

٣-بەسیستماتیککردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و کاراکردنی چالاکی خوێندکاران ،لەپێناو زیادکردنی کارلێک و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی لەنێوان خوێندکاراندا.

## پێشنیار:

توێژەران چەند پێشنیارێک ئاڕاستەی توێژەران دەکەن لەئایندەدا،بۆ ئەنجامدانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری هاوشێوەی ئەم تویژینەوەیەلەگەڵ زانکۆکانی تردا.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر نامۆیی دەروونی لەنێو خێزانی کوردیدا.

٣-ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکاران لەزانکۆ تایبەتەکان.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوە: هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لەنێوان خوێندکارانی زانکۆ حکومی و تایبەتەکاندا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:

١-ابو عمره، هاني عطية عليان (٢٠١٣): مستوي الالتزام الديني والقيم الاجتماعية وعلاقتها بالاغتراب النفسي لدى طلاب الجامعات الفلسطينية بغزة، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم العلم النفس، كلية التربية،جامعة الازهر بغزة.

٢الحمداني، اقبال. (٢٠١١). الاغتراب-التمرد- قلق المستقبل. عمان: دارصفاء، الاردن.

٣-زعتر،محمد عاطف رشاد(١٩٨٩)؛بعض سمات الشخصية وعلاقتها بالاغتراب النفسي لدى الشباب ا لجامعي، رسالة دكتواره، كلية الآداب، جامعة ال زقازيق، مصر.

٤-زهران، سناء حامد(٢٠٠٤)؛ إرشاد الصحة النفسية لتصحيح مشاعر ومعتقدات الاغتراب، عالم الكتب، القاهرة.

٥-زهران، سناء(٢٠٠٢): فاعلية برنامج إرشاد صحة نفسية عقلانى انفعالي لتصحيح معتقدات الاغتراب لطلاب الجامعة، رسالة دكتوراه غيره منشورة، كلية التربية بدمياط، جامعة المنصورة، مصر.

٦-شتا، السيد علي(١٩٨٤)؛ نظرية الاغتراب من منظور علم الاجتماع، عالم الكتب، الرياض، السعودية.

٧- صدام، العربي بن حجار(٢٠١٥ ): شبكات التواصل الاجتماعي وأثرها على القيم الدينية لدى طلبة الجامة عيين، كلية العلوم الانسانية والاجتماعيةو جامعة عبدلحميد بن باديس الجزائر.

٨عبد االله، عبد االله(٢٠٠٧)؛ الاغتراب النفسي وعلاقته بالصحة النفسية لدى طلاب الجامعة، رسالة ماجستير غير منشورةكلية التربية، جامعة الجزائر بن يوسف بن خدة. الجزائير.

٩-العتيري،منصور عمر و يوسف أبو القاسم الاحرش(٢٠٢٠): الاغتراب النفسي لدى عينه من طلبة الدراسات العليا بجامعة الزاوية وعلاقته ببعض المتغيرات، مجلة كلية الاداب، الجزء الثاني، العدد ٢٩.

١٠-علوان، رشا محمد(٢٠١٤)؛ الاغتراب النفسي لدى طلبة الجامعة، مجله كلية التربية الاساسية، جامعه بابل، العراق.

١١-العنزي، خالد بن الحميدي(٢٠١٦)؛ الاغتراب النفسي وعلاقته بمستوى الطموح لدى طلاب وطالبات الجامعة، كلية التربية والآداب جامعة الحدود الشمالية، السعودية.

١٢-عنيد، كرار حاكم(٢٠١٨)؛ الاغتراب لدى طلبة كلية التربية، كلية التربية، جامعة القادسيه، العراق.

١٣-غيث، محمد عاطف (١٩٩٥)؛ قاموس علم الاجتماع، الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، مصر.

١٤-قبقوب، عيسى وسعيدي، عتيقة(٢٠١٥)؛الاغتراب النفسي وتعاطي المخدرات لدى المراهقين المتمدرس، مجلة العلوم النفسية والتربوية، ط١ ،جامعة قدس المفتوحة.

١٥-كتلو،كامل (٢٠٠٧). الاغتراب النفسي لدى الشباب الجامعي الفلسطيني وعلاقته ببعض المتغيرات الديموغرافية، المؤتمر الإقليمي لعلم النفس، رابطة الأخاايين النفسيين المارية.

١٦-الموسوي، حسن(١٩٩٧)؛ الاغتراب النفسي لدى شرائح المجتمع الكويتي: دراسة تحليلية، مجلة البحث في التربية وعلم النفس آلية التربية، جامعة المنيا، مجلد ١٠، عدد ٤.

١٧-موسى، وفاء(٢٠٠٢)؛ الاغتراب لدى طلبة جامعة دمشق، منشورات جامعة دمشق، كلية التربية

دووەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

18- Irshad, S. (2017), A Comparative Study of Stress and Alienation among Orphans and Normal, International Journal of Indian Psychology, Volume 4, Issue 2, No. 93, ISSN:2348 -5396 (e), ISSN:2349-3429 (p), DIP:18.01.138/20170402, ISBN:978-1-365-78193-3].

19- Avci, M. (2012). Eğitimde Temel Bir Sorun: Yabancılaşma. Atatürk Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi,16.

2O- Ball, J. (2005). The moderating effect of family on the relationship between lifetime trauma event exposure and juvenile delinquency in a sample of male juvenile offenders. Doctoral dissertation, Georgia State University.

21- Brown, M. R., Higgins, K., & Paulsen, K. (2003). Adolescent alienation: What is it and what can educators do about it? Intervention in School & Clinic, 39, 3-7.

22- Brown, M. R., Higgins, K., & Paulsen, K. (2003). Adolescent alienation: What is it and what can educators do about it? Intervention in School and Clinic, 3-9.

23- Brown, M. R., Higgins, K., Pierce, T., Hong, E., & Thoma, C. (2003). Secondary students› perceptions of school life with regard to alienation: The effects of disability, gender and race. Learning Disability Quarterly, 26(4), 227-238.

24- Caglar, C. (2012). Eğitim Fakültesi Öğrencilerinin Yabancılaşma Düzeyleri İle Öğretmenlik Mesleğine Yönelik Tutumları Arasındaki İlişki. Educational Sciences: Theory & Practice, 13(3), 1497-1513.

25- El-Deeb, Huda A.E. (2011) Analytical Study of Alienation of Rural and Urban College Students in Sharkia Governorate After the Revolution of 25th of January, Australian Journal of Basic and Applied Sciences, 6(8): 546-563, 2012 ISSN 1991-8178.

26- Erbas, M. K. (2014). The Relationship Between Alienation Levels of Physical Education Teacher Candidates and Th Eir Att İtudes Towards the Teaching Profession. Australian Journal of Teache Education,39(8). http://dx.doi.org/10.14221/ajte.2014v39n8.3.

27- Erikson, E., (1964); Identity Youth and Crisis, W.W. Noorton & Company Inc. N.Y.

27- Fromm, E., (1960); The Sane Society, New York, Rinehart.

28-Godwin G. (1972); alienation among, university students- comparatives study-, dissertation abstracts international, vol. USA.

29- Horney, K., (1975). Neurosis and human growth. London, Routledge & Kegan Paul.

30- Huffman, T. (2001). Resistance theory and the transculturation hypothesis as explanations of college attrition and persistence among culturally traditional American Indian students. Journal of American Indian Education, 40, 1-23.

31- Israel, Joachim (1971) Alienation: from Marx to Modern Sociology: A Macro sociological Analysis. Boston,

MA: Allyn and Bacon.

32 Keniston, K., (1965); The uncommitted: Alienated youth in American society Harcourt, Brace & world Inc. N.Y.

33- Mahoney, John and Quick, Ben (2001): Personality correlates of alienation in a University sample, Psychological reports, VOL87(3, PT2) pp.1094-1100.

34 Redden, C. E. (2002, October). Social alienation of African American college students: Implications for social support systems. Paper presented at the National Convention of the Association for Counselor Education and Supervision, Park City, UT, USA, ERIC Document Reproduction Service No. ED470257.

35- Rintala, J. (1998). Computer technology in higher education: An experiment, not a solution. Quest, 50.

36- Rokach, A., Bauer, N., & Oreck, T. (2003). The experience of loneliness of Canadian and Czech youth. Journal of Adolescence, 26, 267-282.

37- Seeman, Melvin (1959) “On the Meaning of Alienation.” American Sociological Review 24(6): 783-91.

38- Seeman, Melvin (1975) «Alienation Studies.» Annual Review of Sociology 1:91-123.

39- Taylor, J. S. (2001, April). Through a critical lens: Native American alienation from higher education. Paper presented at the Annual Meeting of the American Educational Research Association, Seattle, WA, USA, ERIC Document Reproduction Service No. ED452753.

40 Wynne, E. (1978). «Behind the Discipline Problem: Youth Suicide as a Measure of Alienation. “Phi Delta Kappan, 59, 307-315.

41 Yadav, G. K. & Nagle, Y. K. (2012). Work Alienation and Occupational Stress. Social Science International, 28 (2), 333.

42- Young, T. J. (1985). Adolescent suicide: The clinical manifestation of alienation. High School Journal, 69, 55-59.